# سیمبولێکی پاکی
# دەستی لە حزب و حکومەت کێشایەوە

**مەهاباد قەرەداغی**

هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز عوسمانی حاجی مەحموود لە هەردوو پۆستە باڵاکەی، وەزیری ناوخۆی حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڵاو بووەوە و مەخابن ڕاستیش بوو. ڕەنگە لە پشت هەر دەست لە کار کێشانەوەیەک هۆکاری زۆر هەبێت، هۆکارەکان لە پشتی وازهێنانی ئەم پیاوە هەرچییەک بێت ، مێژووییەک هەیە گەواهی ئەوەیە کە هیچ کەسێکی دی ناتوانێت جێگەی پڕ بکاتەوە و گەورەترین بۆشایی لە ناو حیزبەکەی و حکومەتیشدا دروست دەکات.

ئەوەی ئەم بەڕێزەی ناسیبێت و پێشخانی پڕ لە قوربانی و بەرخۆدان و دڵسۆزی و پاکی ئەو بناسێت، دەتوانێت بە دڵنیاییەوە بڵێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەک تەنها سەرکردەیەکی کەمهاوتای لە دەستی خۆی دا بەڵکە بەشێکی زۆری گەرمیانی لە خۆی ڕەنجاند، چونکە ئەو بریتی نییە لە تەنها کەسێک، بەڵکە بریتییە لە هەموو مرۆڤە دڵسۆز و بەئەمەکەکانی دەشتی گەرمیان، ئەوانەی کە دڵی شۆڕشەکانی کورد بوون. گەرمیانییەکان دێر بە دێری مێژووی ژیان و تێکۆشانی ئەم پیاوەیان لەبەرە و لە هەر کامیان بپرسیت، منداڵ یان گەورە، ژن یان پیاو، گەنج یان پیر، داستانەکانی ئازایەتی و دڵسۆزێتی و فیداکاری ئەو دەگێڕنەوە و پێت دەڵێن:
عوسمانی حاجی مەحموود لەگەڵ خۆناسیندا خۆشەویستی کوردستانی ناسی و لە پێناوی ئەو خۆشەویستەشیدا ئامادەی خۆبەختکردن بوو، بۆ ئەو گیانفیداییەش خۆی لە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکخست و هێشتا مێردمنداڵێک بوو کە ئەشکەنجە و ژوورەکانی زیندانی بینی و تا بەردەرگای ژووری سێدارەش ڕاپێچ کرا، بەڵام پێدەچوو ژیان میهرەبان بێت لەگەڵیدا، بۆیە بواری دوژمنانی نەدا بیکوژن و تەمەنێکی دیکەی بۆ نووسیەوە بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی کە پێیەتی و پێویست بوو بیگەیەنێت، ئەنجامی بدات. بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە دەبوو ڕێگایەک هەڵبژێرێت، پێشمەرگایەتی ئەو کەناڵە بوو کە ئەوی مێردمنداڵ بە باوەڕێکی بتەوەوە هەڵیبژارد، لە کاتێکدا کە هێشتا ژمارەی پێشمەرگە لە چەند سەد کەسێک تێنەدەپەڕین.

عوسمانی حاجی مەحموود هێشتا پێشمەرگەیەکی بێ پلە و پایە بوو خۆشەویستی خەڵکی گەرمیانی بردەوە و لادێنشینەکان جێگەیەکیان دەویست ئەوی تێدا بێت و وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ڕۆحسووک ناویان دەبرد و شانازییان پێوە دەکرد. ناکرێ یەک بە یەکی داستانەکانی لێرە تۆمار بکەین، چونکە زۆرن و مەگەر لە کتێبدا جێگەیان ببێتەوە نەک لە وتارێکی کورت، بەڵام دەشێ نەخشەی برینەکانی جەستەی ئەو پیاوە خۆیان بێنە زمان و ئاماژە بە چەند داستانێکی نێو سەنگەرەکان بکەن کە ڕووبەڕووی دوژمنی سەرسەختی بەعس ئەنجامی دا.

لە ڕاپەڕیندا بە هاوەڵی چەند پێشمەرگەیەکی تر و، بە پشتیوانی خەڵکی گەرمیان یەک بە یەکی شار و شارۆچکەکانی گەرمیانی ڕزگار کرد و لە شاری دوزدا لەبەرامبەر دڕندەترین هێزی ڕژێمی بەعس کە بارق سەرکردایەتی دەکرد، شەڕی کرد. بارق کە سەددام بە (شمشێری قادسیە) ناوی دەبرد و تانک و تفەنگی دنیای بەدەستەوە بوو، لە بەرامبەر تفەنگەکەی عوسمانی پێشمەرگەدا

شکستێکی وای خوارد کە بە کشانەوەی بۆ بەغدا سەددام پارچە پارچەی کرد، کە ئەودەم ئەو پێشمەرگەیەگەنجێکی بیست و پێنج ساڵی بوو، لەوێدا بەسەر دوژمندا سەرکەوت، بەڵام نزیکترین هاورێی و باوک و براکەی خۆی بە شەهیدی هاتنەوە.

دوای ئازادکردنی کفری چەندان جار رژێم و هێزەکانی موجاهیدین بۆ داگیرکردنەوەی کفری هێرشیان کردەوە و ئەوەی لێیان بەجێدەما دەیان دەبابەی سووتاو بوو کە پڕ بوون لە دوژمنی کورد. هێزەکانی ئەم پێشمەرگەیە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر تانک و تۆپ و دەبابەی دوژمنیان دەشکاند، لەبەر ئەوە لە گەرمیاندا بە گشتی و لە شاری کفری بە تایبەتی بۆ پەسنکردنی هەر بۆ خۆشی دەگووترا:( عوسمان دەبابە دەخوات و بە عامود ددانەکانی پاک دەکاتەوە.)، بەڵام ئەم پیاوەی کە لە مەیدانی شەڕی ڕزگاری وڵاتدا هێندە جەربەزە بوو، لە نێو کۆڕی دۆست و برادەراندا بە هێمنییەکەی کەشێکی پڕ لە میهرەبانی دروست دەکرد، لە گفتوگۆدا دانایانە دەپەیڤی و لە گوزارشتەکانیدا دەتتوانی بزانی بۆ پەروەردەکردنی خۆی ماندوو بووە و لە زانکۆی ژیانەوە فێری حەرفەکانی ڕووناکی بووە و کردوویەتی بە پەیام.

کەس وەک ئەم پیاوە پلە بە پلە بە پەیژەی سەرکردایەتیدا سەرنەکەوت، کە بوو بە وەزیریش پێش هەر کەسێ پێشوازی لە خەڵکی هەژار و پاشماوەی ئەنفالەکان دەکرد و لەبەرامبەر دایکی شەهید و ژنانی پاشماوەی ئەنفالدا دادەنەوییەوە و دەستی بۆ بەسنگەوە دەگرتن و تا ئەمڕۆش هەر وایە.

ئەوەی وا دەکات هاورێکانی عوسمانی حاجی مەحموود و گەرمیانییەکان بە گشتی، کە منیش یەکێکم لەوان، شانازی پێوە بکەین ئەو ڕەوشت و خووانەیەتی کە لەودەمەوەی کە پێشمەرگە بوو تا ئەو دەمەی سەرکردە و وەزیر بوو، هەمان ساکاری و هەمان پاکی و هەمان جوانی تێدا بەرجەستەبوو. ئەوەی وەک هاورێکانی و گەرمیانییەکان کاکە عوسمان بناسێت دەزانێت مەحاڵە کەس بتوانێ جێگەی ئەو پڕ بکاتەوە.